# ئاگاداری

سایتی پەنجەرە، ڕۆژی سێشەممە 18-2-2003 بە بەرگێکی نوێوە و تەنیا بە زمانی کوردی درێژە بە کاری خۆی دەدات. سایتی پەنجەرە (http://www.panjereh.org/) سایتێکی کوردی ئازادە کە هەوڵ دەدات ئاوێنەی بیروبۆچوونە جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکەکانیش سەبارەت بە کێشە گرنگەکانی ئەمڕۆ لە دنیاو ناوچەك و بە تایبەت لە پەیوەند بە کوردستانەوە بێت. سایتی پەنجەرە لە هەوڵدا دەبێت فراوانترین ڕووبەرو بوار بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیرو بۆچوونەکان فەراهەم بکات.

پەنجەرە نووسینو ووتاری جۆربەجۆر، ڕاگەیاندنی هەموو ڕێکخراوە سیاسیو پیشەییو جەماوەرییەکانی یەکانی کوردستان، هەواڵی پەیوەندار بە کوردستانەوە بڵاو دەکاتەوەو ڕۆژانە ئاپدەیت دەکرێت.

پەنجەرە وێڕای بانگەوازی هەموو نووسەرانی کوردزمان، هەموو ڕێکخراوەو حیزبەکانی کوردستان بۆ ناردنی بابەتو نووسینو ڕاگەیاندنەکانیان سەرنجی نووسەرانو خوێنەرانی بۆ ئەم چەند خاڵە ڕادەکێشێت:

1- وێڕای ئەوەی پەنجەرە لایەنگیری سیاسی خۆی هەیەو لە ئاراستەی برەو پێدانی فەرهەنگی مۆدێرنو پێشکەوتنخوازانەدا کار دەکات، بەڵام نە بە ڕووی بیروبۆچوونی تردا داخراوەو نە خۆشی بە بەرپرس بەرامبەر ناوەرۆکی فیکریو سیاسی هیچ نووسراوێك دەزانێ.

2- لە پەنجەرەدا ڕەخنەی سیاسی جێگای دەبێتەوە، بەڵام هیچ چەشنە تەشهیرێکی غەیرە سیاسی دژی گروپو ئەفراد قبووڵ ناکرێت. حورمەتی تاك لە لایەن پەنجەرەوە دەپارێزرێت.

3- بۆ کار ئاسانی بۆ ئێمەو بۆ ئەوەی نووسینەکان لە ئیدیت کردن پارێزراو بن، چاکتر وایە لە فۆرماتی پیدیئێف دا بە دەستمان بگات.

ئی مەیلی پەنجەرە : panjara@telia. com

وێڕای دەستخۆشانە لە هاوڕێ عومەری کەریمی کە ئەرکی دانانو بەڕوەبردنی پەنجەرەی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك لە ئەستۆ گرتووەو ماندوو نەناسانە کاری تیا کردووە. بە ئومێدی ئەوەین فۆرمی تازەی پەنجەرەو شێوازی کاکردنی جێگا پەسەندی خوێنەرانی بێت.

**شەماڵ علی**

**بەڕێوەبەری سایتی پەنجەرە**

2003-02-16

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت